# چەقۆ دەسکی خۆی نابڕێت!

نووسینی: کەریم دانشیار

قەندیل وارگەی ڕەوند و کۆچەری هەردانگەڕی خاک و خەڵکێکە، سێ پارچەی جەرگی دابڕاوی پێکەوە لکاندووە کە بە هیچ تیر و شیر و فڕگە و فڕۆکەیەک قەڵشی تێناکەوێت.

قەندیل مێنگە و حەشارگەی چەکهەڵگری برسی، بریندار، نەقوستان و شەهیدانێکە، کە هەتا قەندیل تەمی چەوسانەوە، داگیرکاری و خوێن و فرمێسکی بە داوێن دا هەڵبکشێت، کچی زانا و کوڕی ئازا لە دەوری قەندیلدا چەک بە شان و گیان لە سەر دەستان دەمێننەوە.

قەندیل یادگاری پەیمانی سێ سنوورانە و هێستایش کە هێستایە، دەنگی بەڵێن و سوێندی یەکگرتووی نوێنەرانی پەیمانی سێ سنووران لە دڵی تەلانەکانی قەندیل دا دەنگ دەداتەوە؛ سوێند و پەیمانەکە لە قەندیل دا بۆتە بەردەنووس و لە سەر دڵی پیرە مێژوو ناسڕێتەوە.

قەندیل بۆتە وشە؛ وشە خۆی لە شێعری شاعیری شۆڕشڤان هاڵاندووە و دەنگبێژی تێکۆشەریش بە دەنگ دەیڵێتەوە.

قەندیل بۆتە چارۆکەی ئەو بەلەمە دەریاییە، کە پێی سپێردراوە چلۆن جەرگی زۆڵە شەپۆلی سیاسەتی ناوچەکە ببڕێت و نەهێڵێ بەلەم لە ڕێدا هەتڵە ببێت.

بەڵام ئەمڕۆکە باری سەر شانی قەندیل گەلێک گرانە، دەیان پۆلە گورگ و چەقەڵی گەڕ و گەڕۆک لە دەوریدا مڵومۆیانە، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئیسراییلی بە سەریدا هەس هەس و پاسەوانە، چاوی مانگیلەی سیخوڕی ئەمریکایی بۆ دۆزینەوەی ڕەوت و ڕۆی گەریلا کێشک و کەوانە، پلانی پڕ لە پیلانی ناتۆ دەست بە چەک و دەم بە فەرمانە، تورکی تووڕە بە ئاگر و قورقوشمی ناپاڵمی زاڵم خەریکی ئەنجامی هەزاران تاوانە، ئیسلامی پاکی محمدی بە تانک و تۆپ و کاتیۆشا سەرگەرمی خاک و خۆڵ تێک وەردانە.

کەمێک دوورتر لە قەندیل، مەڵبەندی (غەززە)، دژ بە ئیسراییل شەڕیانە. ئیسراییل بۆ بەرگری لە دزەکردنی(چەک و چۆڵی ئیسلامی)، کە بۆ چەکدارانی حەماسی ئایینداری دەگاتە جێ، گەمارۆی خستۆتە سەر مەڵبەندی غەززە. تورکیای ئەردۆغان زیرەکانە دەست بەکار بووە و بە دەستێک دوو شووتی هەڵدەگرێت. بە دەستێکەوە سیاسەتی ئاییندارانەی تورک ئیسلامی حیزبی داد و گەشە لە تورکیا دا گەشەدارتر دەکات. بە دەستەکەی تریشی بۆ ئەستاندنەوەی پلە و پایەی ڕێبەرایەتیی عالەمی ئیسلامی سوونە لە عەرەبستانی سعودی، هەر ئەو غەززەیە دەکاتە چلمێردە (ئەهروم)ی سیاسەت و، گۆنگەڵی گەمێی پێ ساز دەکات. ئەمریکا لەم سیاسەتەی تورکیا پڕ بە دڵ لالووتە، بەڵام سەرەڕای ئەم گشتە لالووتییە، ئەمریکا لە قەندیل

دا یاریکاری ماندوونەناسی تورکیایە؛ تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەسکی چەقۆی ئەمریکایە؛ چ کەردەن کە(چەقۆ دەسکی خۆی نابڕێت).
ئێرانی ئیسلامی، بە ئاشکرا برای بڕبڕەی پشتی(خالد مەشعەل) و(حسن نصرالله)یە. ئێران لە شەڕی حیزبوڵلای لوبنان و ئیسرابیل دا سەرکەوتووی شەڕ بوو. هەروەها ئەم سەرکەوتنە لە شەڕی حماس و ئیسراییلیش دا هەر بە ئێرانی ئیسلامی بڕا؛ ئێران لەم شەڕانە دا چۆکی ئەمریکا و ئیسراییلی پێکەوە شکاند. ئەمریکا بەپێی بریار، دۆستی ژمارە یەکی عێراقە و لە ئەستۆیەتی لە بەرامبەر هەر هێرشێک دا، عێراق وەک بەشێک لە خاکی خۆی بپارێزێت، بەڵام سەیرە و زۆریش سەیرە کە ئێران لە لایەک و تورکیاش لە بەرێکی ترەوە بەشێک لە خاکی عێراق داگیر دەکەن و بە شەو و ڕۆژیش بە خەستی بۆمبارانی دەکەن، کەچی و ئەگەرچی ئەمریکا ژمارەی دانە دانەی بۆمباکانیش دەزانێت، بەڵام چۆنە جووکەی لێ نایە؟! تورکیا دەسکی چەقۆی ئەمریکایە، بەڵام ئێرانی ئیسلامی چی؟! دەڵێن سیاسەت بەر و پشتی نییە و ئەگەر وابێ، دەبێ ئێرانی ئیسلامیش دەسکی چەقۆی ئەمریکا بێت؛ چ کەردەن کە چەقۆ دەسکی خۆی نابڕێت.

هەرێمی کوردستان و شێر و پلنگەکانی سەرکردایەتیی حکومەتی دوو حیزبیش، کە پێیەکیان لەم دیوە و ئەوی تریان لەو دیوە، زۆر جاران لە ڕێ و ڕێبازان دا سەردارانی ئیسلام دەبینن کە چۆن خەریکی تۆپ بارانن و چلۆن دار و درەخت و ئاژەڵ و بەرد و خۆڵی دایکی نیشتمان تێکەڵ بە یەک دەکەن. کەچی ئەوانیش مرقەیان لێ نایە. دەڵێن سیاسەت بێ دایی و باوکە. ئەگەر وابێت، دەبێ ئەمانیش یان کوڕی ئەم دایکە نەبن، یان بوونەتە دەسکی چەقوولەی ئێران و تورکیا و چکەردەن کە چەقوولەش دەسکی خۆی نابڕێت.